# بەرزان هەستیار:
# شیعر باوەشکردنێکی توونده بەژیاندا



ئا: هۆگر عومەر

که (پیاوێک هەیه هیچ لەم کەونه حاڵی نابێت، بۆی مەگەڕێن، ئەوه منم!... ) دەخوێنیتەوە، ئینجا هەست بەوه دەکەیت له بەردەم مرۆڤێک وەستاویت که خەریکه گومان دەخاتەوه سەر سەلمێندراوەکان . ئەو که لەنێوان مەرگ و ژیان و شیعر دا پیاسه دەکات، دەمێک دەم بۆ هەناری دنیا دەبات و دەمێک بۆ شەرابی مەرگ، ئەو که ناتوانێ پێناسەیەک بۆ شیعر بکات، کەچی ئەم هەموو جەنجاڵیه له شیعرەکانیدایە.

دیوانی سێیەمی شاعیری که ناوی (ساڵێک له نیگەرانیه ) تەوەری ئەم دیدارەمانه لەگەڵ بەرزان هەستیار، مەبەستمانه لەم ساڵەی نیگەرانیەکانی هەستیار تێبگەین، بەڵام ئایه لەم نیگەرانیه حاڵی دەبین، با هەستیار وەڵام بداتەوە.

*** سەرەتا با لە چیەتی شیعر دەست بە پرسیارەکانمان بکەین، لای بەرزان هەستیار شیعر چییە؟ ئایە لای تۆ شیعر بەرەو ژیان چوونە یاخود بەرەو مەرگ؟ بەمانایەکی تر شیعر ئەو فەزایەیە کە ژیان و مەرگ پێناس دەکا و شوێنیان بۆ دادەنێت؟ ئایە شیعر و مەرگ و ژیان لە چی هاوبەشن و چی لێکیان جیادەکاتەوە؟**

– شیعر چییە؟ ئەمە ئەو پرسیارە بەڕواڵەت ساکار و بە ناوەرۆک قورس و پڕ گرێ و گۆڵەیە کە لە زۆر شوین و چاوپێکەوتندا رووبەڕووی شاعیران ئەکرێتەوە.

من نازانم پێت بڵێم شیعر چییە و نامەوێت کەسیش چاوەڕێی ئەوە بێت کە پێناسەیەکی نەگۆڕی سەبارەت بەشیعر دەست بکەوێت، هەر جارێکیش ئەو پرسیارە ببیستم یان لە خۆم بکرێت ئەوا راست ئەو رستەی «جان کۆکتۆ »م بیر دێتەوە کە دەڵێت «شیعر پێویستییەکی گەورەیە، بەڵام خۆزگە دەمزانی بۆ ».

بەڵام ئەگەر لە پێناسە و پێناسەکاریی دوور بکەوینەوە، ئەوە پێت ئەڵێم شیعر لای من باوەشکردنێکی توندە بە ژیاندا و ئەو هێلە باریک و لە هەمان کاتدا توندوتۆڵەیە کە خۆم بەژیاندا پێهەڵواسیوە:

**بەرلەوەی " شیعر " دەواری هەڵدا**
**ئەم جیهانە زەبەلاحە.....**
**لە کوێ جێی خۆی کردووەتەوە؟!**

**«ساڵێک لە نیگەرانیی»**

کە ئەمە ئەڵێم زۆر جاریش ئەوەم ئەدرێتە پاڵ کە من لە زۆربەی شیعرەکانمدا رووی کەشتییە چارۆکەدارەکەی ژیانم کردۆتە ئەو«با»یەی کە لە مەملەکەتی مەرگەوە هەڵدەکات، وەک لە چاوپێکەوتنێکی تریشدا ئاماژەم بەوە داوە کە لە هەندێ شیعرمدا خوێنەر ئەوە دەخوێنێتەوە کە زیاتر لە ساراکانی مەرگدا پیاسە دەکەم نەک لە بێستانەکانی ژیان دا، ئەوەشیان رەنگە لە هەندێ کاتدا رەنگدانەوەی بارودۆخێکی تایبەتی دەروونی بێت و بەپانتایی هەموو شیعرەکاندا بڵاونەبێتەوە.

شیعر و مەرگ و ژیانیش کۆمەڵێک شت پێکیانەوە دەبەستێتەوە، وەک ئەوەی گەلێک جار مەرگ خۆی دەخزێنێتە دووتوێی دێرەکانەوە، دوا جاریش لە زۆر خاڵدا شیعر و ژیان خۆیان لە مەرگ دەدزنەوەو پێکەوە رێ دەکەن .

شیعر و ژیان ئەو جمکە جوانەن کە بەردەوام هێلێکی ئەفسووناویی دەبەخشنەیەک و لە مەیدانێکدا دەجەنگن کە مەرگ سەنگەری ئەوبەری لێ گرتوون، دوا جاریش ئەوە هەر ئەوانن بە مەرگ دەڵێن کە ئێمە پێکەوە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەداین چەکەکە بە تۆ فڕێ دەین و تۆیش مەگەر وەک کاری هەمیشەییت لە ناخافڵدا فرسەت بێنیت و دەستی خۆت بوەشێنیت.

*** لەم دوایانەدا بە تایبەت لە" قەسیدەی ساڵێک لە نیگەرانی" بە روحێکی گاڵتەئامێز تەعبیر لە هەستەکانت دەکەی، بە سێنیکانە بەرامبەر هاوکێشەکان دەوەستیت، ئایە لای تۆ ئەم دەربڕینە چۆن سەری هەڵدا؟ ئایە مەبەستە بەم روحە گاڵتەکاریە هاوکێشەکان بلەقێنیت؟**

– هەڵبەتە من یەکەم کەس نیم بەو شێوەیە گوزارشت لە شتەکان بکەم و من وای ئەبینم زۆر جار پەنا بردنە بەر ئەو شێوازە لە جۆرە نائومێدییەکەوە سەر هەڵ دەدات و نووسەر هەست ئەکات گەر خۆیشی نەبێت ئەوا لە لایەن نووسەرانی ترەوە گەلێک شێوازی تر تاقی کراونەتەوە، بۆیە ناچار بەو شێوازە دەچێتەوە بە گژ دیاردە و هاوکێشە لاسەنگەکاندا، هەوڵ دەدات چەندی بۆی دەکرێت لە «وەتەری حەساس»ی ئەو مەسەلانە بدات کە هەموو لایەنەکانی ژیانیان ناشیرین کردووە و تەنانەت لە هەوڵی ئەوەشدان پەل بۆ سنوورەکانی خەیاڵیشمان

بهاون .

دەزانم لەقاندنی هاوکێشەکان هێندە ئاسان نین و شیعریش ئەو هێزە سوپەرمانییە و توانا لە رادە بەدەرەی نییە هەموو هاوکێشەکان هاو سەنگ کاتەوە و بگرە رەنگە کاری ئەویش نەبێت، بەڵام دواجار ئەوە شاعیرە بەردەوام لە گەڕاندایە بەدوای شێوازی نوێ و پەنجەرەی دیکەداو بەردەوامیش ئالای یاخی بوونێک بە دەستییەو دەشەکێتەوە.

*** "کەرت کەرت بووم، نامەوێ خۆم کۆکەمەوە، نەوەک پارچەیەکەم ون کەم ." بەراست پرۆسەی شیعر نوسین هەوڵدانە بۆ خۆد دۆزینەوەی شاعیرە یاخود هەڵوەرینەتی؟**

- تۆ هەست ناکەیت هەندێک جار شاعیر تا رادەی گەیشتن بە مەرزەکانی مردن، لە شیعردا هەڵدەوەرێت و هێشوو.. هێشوو تریی گەییوی تێڕامانەکانیش بەردەبنەوە سەر زەوی؟

ئەی دیقەتی ئەوەت نەداوە ساڵانێکی زۆر شاعیر سۆراخی خودی خۆی و هەموو شتە جوانەکانی تریش لە شیعردا دەکات؟

من دەڵێم شیعر گەلێک شتی سەیر و سەمەرەی لە دەست دێت و بەردەوامیش شاعیر فریو دەدات، ئەم حاڵەتی فریودانەش تەنها لای نوسەرێکی وەک " کافکا " نییە، بەڵکو لای شاعیرەکانیشە کە ئەوەی هەمیشە دەینووسن ئەوە نییە کە پێش پرۆسەی نووسین بیریان لێ کردۆتەوە، من ئەو فێڵبازیی و فریودانەی شیعریشم خۆش ئەوێت .

براکەم شیعر جار هەیە وەک " توو " دەمانوەرێنێت و جاریش هەیە لە بیابانێکی گەورەدا موعجیزەی خۆی دەنوێنێت و کانیاوێکی روون دەتەقێنێتەوە.

*** بەختیار عەلی لە پێشەکی " قەسیدەی ساڵێک لە نیگەرانی" نووسیوێتی " لەم چەند ساڵەی دوایدا لەو نەغمە لیریکییە رۆمانسییەی سەرەتا تەواو دوورکەوتۆتەوە و پتر رووی لە قوولبونەوە و تێرامان لە پووچی و بێ هودەیی کردووە. ئەوەی لەم چەند ساڵەی دوایی نووسیوێتی سەدا لە دەرئەنجامی غوربەت بوون، غوربەت هەستی وای پێبەخشی تا ئاراستەی شیعریت بەو ئاراستەیە بڕوات یاخود بە جۆرێکیترە ؟ و ئایە غوربەت،( غەم، نیگەرانی، پووچی، بێهوودەیی) پێ بەخشی یاخود شیعر؟**

- غوربەت گەلێک شتی دژ بەیەکی پێ بەخشیوم، هەر لە نائومێدیی و غەم و نیگەرانییەوە بیگرە تا دەگاتە کەللە رەقیی و بەگژاچوونەوەی ئەو شتە پووچانەی کە بەردەوام یەخەیان پێ گرتووم، غوربەت ئەو شتانەی پێ بەخشیوم، بەڵام شیعر پێش ئەوەش لە خوێنما سەنگەری خۆی هەر لێ دابوو .

هەست دەکەم ئەگەر وریای خۆم نەبم رەنگە غوربەت جارجار لە ناخمدا هەوڵی خولقاندنی "من "ێکی کەللە شەق دەدات، " من "ێک کە لە دنیای شیعردا جێی نابێتەوە و ئەگەر شاربەدەری نەکەم ئەوا رەنگە هێندە نەبات "ئەو "، " من " لە کیشوەرە سەوزەکەی شیعر بەدەرکردن بدات.

*** لە شیعرەکانت دا زۆر کار لە سەر دژبووەکان دەکەی و لەم دژانەشدا هەولی دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشت داوە، ئایە تۆ لەو باوەرەی هەموو دژێک خاڵی هاوبەشی هەیە؟ بەجۆرێکی تر بڵێین هەموو دژبوونێک داهێنانێکی بەدواوەیە؟**

- ویستوومە بە مامەڵەکردن لەگەڵ دژەکاندا بەردەوام سۆراخی شتی تازە بکەم و ئەو شتانە بتەقێنمەوە کە لە دووتوێی دژەکاندا خۆیان حەشارداوە، دواندنی دژەکان و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیاندا کارێکی دژوارە بەتایبەتی دوانەی ژیان و مردن، دەزانیت ئەم دوو دژە هەر زۆر لە یەکیشەوە نزیکن:

**هەناسە سنووری تەسکی نێوان ژیان و مەرگە**
**بیرکەنەوە، ئەو دوو دوژمنە نەگریسە ...**

## چهنده لێکهوه نزیکن؟گ!

**«ساڵێک له نیگهرانیی»**

پێم خۆشه ئهو باسه سهرنجی راکێشاویت و بهتایبهتیش له " ساڵێک له نیگهرانی "یدا ئهو مامهڵه کردنه لهگهڵ دژهکاندا روونتر بهرچاو دهکهوێت:

**ئاساییه، پهنا بۆ بهفر بهریت گهرمت کاتهوه که ئاگر تهنهابه چاوی سووتان تهماشات بکات**

**«ساڵێک له نیگهرانیی»**

*** له ههندێ تێکستی تۆدا فهزایهک بۆ خوێنهر دهخولقێنیت تا خوێنهر ههوڵی تهواوکردنی شیعرهکه بدات و خوێنهر ببێت به بهشێک له شیعره ئهفرێندراوهکهی تۆ، بهمانایهکی تر گهرهکته شیعر ببێت به پێک بهستێک لهنێوان خهیاڵی تۆی شاعیر و خهیاڵی ئهوی خوێنهر لهویادا ئاڵوگۆری ههست و ئیحساسهکان بکهن. تۆ ئهم ههستانه چۆن لێکدهدهیتهوه و چ شتێکت ههیه بۆ وتن؟**

– هەڵبەتە ئەگەر شاعیر بتوانیت ئەو کارلێکە لەنێوان خەیاڵی خۆی و خەیاڵی ئەوی خوێنەردا دروست بکات کارێکی باش دەکات و بەوەش دەتوانێت خوێنەر کێش بکاتە نێو ئەو دنیا سەیر و تایبەتییەی خۆیەوە، هەست دەکەم شاعیران وەک عەرەبانچییەکەی "چیخۆف " مەگەر دواجار باسی ماتەمینیی و کارەساتەکانیان بۆ ئەسپەکانیان بگێرنەوە کە ئەویش ئەسپی شیعریانە .

دیارە هەر خوێنەرەو بۆی هەیە چۆن تەفسیری شیعرێک ئەکات، چونکە شیعر زیاتر لە دەرگایەک شک ئەبات و پێویست ناکات لە پەنجەرەوە ئاودیوی بیت. زۆر جار ئەوەی من نەمویستووە لە شیعردا بیلێم، خوێنەر خۆی لەنێوان دێرەکاندا ئەو تارماییە دەبینێتەوە و دواجار ئەوەش راستە کە من ئەوەی گەرەکم بووە بیدرکێنم هەموو خوێنەرێک بەو ساناییە بۆی راو ناکرێت و پەی پێ نابات، بەکورتی من هەمیشە لە چاوشارکێیەکی بەردەوامدام لەگەڵ خوێنەردا و هەندێ جاریش یەک دەبینینەوە، بەڵام بڕوا بە چاوی خۆمان ناکەین و بەردەوامین لە سۆراخ کردندا .

*** ئایه ئهگهر تێکستی ۲۰۰۷/۳/۱٦ ههڵهبجه(!!!)له" قهسیدهی ساڵێک له نیگهرانی" شیعری شاعیرێکی تر بوایه چۆنت دهخوێندهوه؟**

– من بۆ خۆم زۆر شت لەو تاکە وشەیەدا دەخوێنمەوە لە قەسیدەدا، هەموو ئەو شتە نەبینراو و نە وتراوانەی تیا ئەبینمەوە کە شیعر دەرەقەتیان نایەت و رەنگە لای هەر شاعیرێکی تریش بوایە ئەو شتانەم تیا بخوێندایەتەوە، چونکە بە راستیی لەو ساتەدا، نە، زانیم هەڵەبجە چییە و نە توانیشم هیچی تر بنووسم . دەزانی زۆر جار قەسیدەیەکی دوور و درێژ سەبارەت بە کارەساتێکی گەورەی وەک هەڵەبجە یان ئەنفال دەخوێنێتەوە کەچی هەست ناکەیت هیچی لا جێ هێشتبێت ئەمە ئەگەر نەڵێم، بگرە ئەگەر کەسێکی بێ ئاگاش لەو مەسەلەیە بیخوێنێتەوە لە گەورەیی کارەساتەکە کەم ئەبێتەوە لە لای .

*** له" قهسیدهی ساڵێک له نیگهرانی" زۆربهی رۆژهکان ئهم ساڵه لانکی شیعرێکت راههژاندوه، تیدا کۆرپهی شیعرێکت تۆمارکردوه . ئایه وا ههست ناکهی زۆرت له خۆکردو بێت تا ئهم پرۆسهیه بڕوات، و کاریگهری بووبێت لهسهر ژیانی ئاسایی خۆت یاخود ببوو به بهشێک له ژیانی رۆژانهت؟**

– بۆ مەسەلەی زۆر لەخۆ کردن، بڕواناکەم لە هیچ دێر و کۆپلەیەکدا شتێکی لەو جۆرە رەنگی دابێتەوە، جگە لەوە من تا تەواو کردنی ئەو قەسیدەیە چەندین بەش و بگرە لاپەرەشم دوای

نووســینیــان فــرێ داوە لەبەر ئەوەی لە ئاســتی خواستی خۆمدا نەبوون نەمهێشتووە شوێن لە خۆم و کـاتیش لە خـوێنەر بگرن، بگرە بە پێچـەوانەوە وەک جەنابت ئاماژەت پێ داوە دەڵێم بەڵێ ببوو بە بەشـێک لە ژیانی خـۆم و منیش نامـەوێت چ لە واقیع و چ لە شیـعردا پەلە لە ژیانی خـۆم بکەم، نازانم چی وای لە تۆی خـوێنەر کـردووە وا بیــر بکەیتـەوە کـە من زۆرم لە خـۆم کـردبێت، من وای دەبینم لە هەر شـیـعرێکدا زۆر لە خـۆکردن هەبێت خوێنەری وریا زۆر بە ئاسانیی هەستی پێ دەکات و ئەگـەر شاعـیرەکـەش خـۆی لە گـێلیی نەدات ئەوا پێش خـوێنەرەکـەشی ئەو راسـتـیـیـە دەبینێت و ئەو کـات گـوناه دەکات کـە بهێـڵـێت شیـعـرەکـەی بەو ئیـفلیـجـیـیـەوە بچـێتـە بەر دیدەی خوێنەرانی، ئەو شاعیرەی رێزی "کات "ی خوێنەرەکانی نەگرێت لەو بڕوایەدام رێزی نە لە شیـعـر و نە لە خـۆی و نە لە کاتیش پێ ناگیرێت .

*** لە ٢٠٠٦/٧/١٦ تۆماری یەکـەم شـیـعـری " قەسیدەی ساڵێک لە نیگەرانی"تیە، و تۆماری کۆتا شیعری هەمان قەسیدە ٢٠٠٦/٧/١٦ ە، ئایە دەکـــــرێت بزانـین ئـەم رێکـەوتـە لای تـۆ چ دەلالەتێکی هەیە؟**

– راســـــــیت دەوێت ئەو رێکـەوتە لای من دەلالەتێکی دیاریکراوی نیـــە هێندە نەبێت لە ٢٠٠٦/٧/١٦ دەستم بەنووسینی قـەسـیدەکـە کردووە و خۆشم نەمدەزانی کـۆتایی بەکوێ دەگات، پاشـان دەرکم بەوە کـرد کـە نیگـەرانیی سنوورێکی نییـە بۆیە کەزانیم وا نزیکەی ساڵێکە نیگەرانییم دەنووســـمــەوە ئـیـتـــر وام بە چاک زانی لە ٢٠٠٧/٧/١٦ و پاش ساڵێک لە دەست پێکردنی نووسـینی قـەسـیدەکـە کـۆتایی پێ بێنم و لە دوا کـۆپلەشدا ئیـشـارەتم بەوە داوە کـە نیگەرانیی ئەو هێڵە درێژەیە کە نازانم ئەو سەری دەگاتە کوێ :

**ئەو هەمـوو بـەردە پێم ئـەڵێن**

**تـا، باڵ بـرستـی نـامێنێت، فـرین**
**تـا، رۆح بـرکـات، نیـگـەرانـیی**

**«ساڵێک لە نیگەرانیی»**

*** بەرزان هەستیار:**

ناوی تەواوم " بەرزان عـەلی سـەعـیـد " ەو باوکم بە " عەلی نەجار " ناسراوە .

ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی پیرمەنسوور " لە شاری سلێـــمـــانی لە دایک بووم و قـۆناغی خـوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەییم هەر لە سلێمانی تەواو کردووە و "پەیمانگای بەرێوەبردنیشم لە شاری «موسڵ» تەواو کردووە.

لە سـاڵی ١٩٩١ ژیانی خـێـزانییم پێک هێناوەو خاوەنی کورێکم بە ناوی " زەنوێر "

لە تـەمـەنێکی زووەوە هەوڵی نووسـینم داوە و لە سەرەتای ساڵانی هەشتاشەوە لە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا بەرهەمەکانم بڵاوکردووەتەوە .

تا کـاتی سازدانی ئەم چاوپێکەوتنە سێ دیوانم بە چاپ گەیاندووە :

* " نەوەیەک پیـرە منداڵ " لە چاپخـانەی هەواڵ لە سلێمانی ساڵی ٢٠٠٠ .

* " بە تەنیشت فـەنابوونەوە "، دەزگای ئاراس . ساڵی ٢٠٠٥ .

* " قـەسـیدەی سـاڵێک لە نیگەرانیی " دەزگـای ئاراس ساڵی ٢٠٠٨ .

* دیوانی چوارەمیشم بە ناونیشانی " گوناهەکانی دڵنیـایی " لەژێر چاپدایە و ئێـسـتـاش لە هەوڵی نووسـینەوەی یادەوەرییـەکـانی منداڵیی خـۆمم و بە هیوام بتوانم ئەمساڵ تەواویی بکەم.

لە ساڵی ١٩٩٥ ەوە لە ئەڵمانیا دەژیم، سەرەتا لە شاری " نۆرنبـێرگ " نیشـتـەجێ بووم و لە سـاڵی ٢٠٠١ ەوە لە شاری" کۆلن " ژیان بەسەر دەبەم.